# ژن بوون لەکلتوری کۆمەڵگای کوردیدا گوناهوو شەرمە

**هاوڕێ کاستڕۆ . رانیە**

چەمکی ژن بوون لەکۆمەڵگای کوردیدا لەهەناوی کلتوری جەبردا لەدایك بووەو پەیوەندی بەو پاشخانە مێژووییە کلتوریەوە هەیە کە زەمەنێکە ژن لەناو ئەو بوعدە ترسناکەدا هەنگاویان ناوە، بەڵام ڕۆڵیان لەئاستی گەورەیی گرفتەکانیاندا نەبووە.

بۆیە گرفتی ژن بوون گرفتێکی گەورەی ناو کۆمەڵگاو بزوتنەوەی ژنانی کوردستانە، چونکە مرۆڤی ژن جیاکراوەتەوە لەمرۆڤی پیاو، ئەم هاوکێشەیە لەسەدەکانی رابردوودا درێژەی کێشاوە. هەنگاوی ناوەتە سەدەی ٢١ ئەمەش فەرزی کلتوری جەبرە وای کردووە کە ژنانی دیاری ناو بزوتنەوەی ژنان ئارەزوو بکەن پیاو بونایە هەر بۆیەشە رەوتی بزوتنەوەی ژنان لەکوردستاندا رەهەندێکی پیاوانەی وەرگرتووە، بۆیە کاریگەری لەسەر بەرەوپێشەوەچوونی بزاڤی ژنان نەبووە بەئەندازەیەکی ئەکتیڤ کە رۆڵی هۆشیاری ژنو گەشەی فکری ژن بووبێت.

وەك شوناسی کەسیەتی ژن دیاربێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە توانەوە بووە لەناو شوناسی پیاوەکاندا بۆیە بزوتنەوەکانی هۆشیاری هزری ژن لە کوردستان کاریگەریان لەسەر دروستکردنی گوتارێکی ژنانە نی‌یە کە رەنگدانەوەی فکری ژن بێت، چونکە بەرهەمی ئەو میکانیزمانەیە کە رەوتی ژنان لەکوردستاندا کاریان لەسەر کردووە لەسەر پاشخانی کلتوری پیاوو عەیبەو ئاین بووە، بۆیە هەنگاوەکانیان هاوشێوەی هەنگاوەکانی پیاوان بووەو گوتارێکی ژنانە نەبووە واتا ئەدەبێکی ژنانە نەبووە کە گوزارشت لەسایکۆلۆژیەتی ژن بکات، ئەمەش رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر کارکردنی ژنان لەبوارە جیاجیاکانی وەك (هونەرو ئەدەبو وەرزشو رۆژنامەنووسو.. هتد).

بەفکری پیاوانە نوسیویانە گوتویانە سازیان کردووە ئەمانەش دەلالەت لەبێهیوایی ژنانو بێ ئەرزشیو زاڵبوونی کلتورێك دەکات کە بزوتنەوەکانی ژنان نەیانتوانیوە بەربەرەکانی بکەن. ئەگەرچی بەدیوێکی تردا وەریبگرین راستە کلتوری شەرم لەپاشخانێکی ئاینی‌یەوە دروست بووەو دەنگدانەوەی بەهێزی لەلاوازکردنی کاراکتەری ژن هەبووە هەروەها شەرم رێگربووە لەبەردەم گەشەکردنی هۆشیاری ژنانو خۆدەربازکردنیان لەهزری پیاوان.

بۆیە لەگەڵ دروستبوونی هەر گرفتێکی ژنان بۆ چارەسەرکردنی پەنا دەبرێتە بەر ئەقڵی پیاو، ژنان خۆیان دوورەپەرێز دەگرن لەچارەسەرکردنی گرفتەکانیان، ئەم مەدایە بۆ پیاو جێدێڵسن کە ئەمەش خاڵی تێکۆشانی بزووتنەوەی ژنانە ئەمە بەو مانایە نا کە دەروازەی نێوان پیاوو ژن دابخەین، بەڵکو بەو مانایەی ژنان نزیك بکەنەوە لەچارەسەرکردنی گرفتەکانی خۆیان، بۆیە ژنان کاراکتەرێکی لاوازن لەبەرامبەر کلتورو شەرمو ئایندا، ئەم کلتورەش رەنگدانەوەی ئەقڵی پیاوە، بۆیە دەبێت بزوتنەوەی ژنان بزوتنەوەیەکی بەهێزبێت بۆ خۆدەربازکردن لەشەرم، ئەمەش هەنگاوی یەکەم بۆ هۆشیارییەکی تەواو کە دەلالەت لەهێزی ژن بکات دەتوانرێت چەند هەنگاوێك بەدوای یەکەوە بهاوێت، بۆیە سەرەتای هەر گۆڕانێك لەکۆمەڵگادا لەهەنگاوێك دەست پێدەکات.

*　*

# دادگایی یان ...

**روناک فەرەج**

نزیکەی چوار ساڵە گوێبیستی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنو زیندانی کردنی رۆژنامەنوسان دەبین، دەستپێکی جدی ئەم هەڵمەتە لە مەم وریا قانع دەستی پێکرد کە لە٩/٢٣ لە هەولێر گیراو/مانەوەی ١٨رۆژ لەزیندانی ئینفرادی، پاشان حوکمدانی کەمالی سەید قادر، پاشان ئەم کەلەپچەیەی کرایە دەستی سەرنوسەری ئاوێنەو هاولاتی، ئەمە جگە لە بانگکردنو لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەندێك رۆژنامەنوسان. ئەم حوکمەی دواییان کە (٦مانگ ئیقاف تەنفیزە) وەك مینێك دەبینین، نەك بەتەنها لەبەردەم ئەم دوو رۆژنامەیەدا، بەڵکو هەڕەشەیە بۆ هەموو رۆژنامەنوسان، ترسناکیەکە لێرەوەیە ژمارەیەکی زۆر کەم لەرۆژنامەنوسان ئازادنو تائەمرۆش نەك قەڵەمەکانیان لەستایشی دەسەلات پاراستوە، بەڵکو رەخنەگرێکی جدیشن لەئاست دۆخی ئابوریو سیاسیو کۆمەلایەتی، هەر بۆیەش ئەم بڕیارە زیاتر بۆ ئەو قەڵەمە جدیو رەخنەگرانەیە. بۆیە گرنگە وەلامی ئەم رۆژنامەنوسە ئازادانەش لەوە جدیتربێت کە تەنها بە نوسینی مەقالەیەك یان چەند چاوپێکەوتنێك لەسەر خودی ئەم حوکمەی دوایی بێنەگۆ، کە ئەمەش مەسەلەکە بچوك دەکاتەوەو ئامانجی دورناپێکێ، ئەوەی گرنگە ئەمرۆ کاری بۆ بکرێت لەڕیشەوە ئیش بکەین کە ئەویش گۆڕینی ئەو بڕیارانەی حیزبی بەعسە کە تا ئەمرۆش کاری پێدەکرێت، گۆڕینی ئەم یاسایانە لەلایەك رۆژنامەنوسان دەپارێزێت لە حوکمی دەسەلات لەلایەکی تریش سنورێك بۆ نوسینی بازاڕیو لابەلاو بێبەڵگەو ناوزڕاندن دادەنێت، لەبەر ئەوە ئەو کاتەی کەسێك دور لەئەخلاقی رۆژنامەنوسی ناوی کەسێکی دی زڕاندبێت دەبێت پۆزشی بۆ بێنێتەوە یان رونکردنەوە بدات، لەم کاتەدا ئەم حوکمە دەبێتە سانسۆرێکی زاتیو نوسەر بۆ ئەوەی متمانەی خۆی نەدۆڕێنێت لەنوسیندا ئاگایانەو بەبەڵگەوە دەدوێت.

ئەوکات هەر ئەو یاسایە بۆ رۆژنامەنوسێکو بەرپرسێك هەمان یاسایە نەك وەك ئەمرۆ بەرپرسێکی حیزبیو حکومی خۆی لەیاسا بەگەورەتر بزانێتو وەك دوا داداگایی کێشەکەی ئاوێنەو هاولاتی، جەنابی وەزیر لەلێبوونەوەی هەر پرسیارێکدا دانیشێتو تالێبونەوەی پرسیارەکانیش ئەو دوو سەرنوسەرە بەپێوە بن لەبەردەم مێزی دادوەردا. ئەمە پێچەوانەی دەستورە کە دەڵێت "هاوڵاتیان یەکسانن لەبەردەم یاسادا".

## تەواوکەری...

# لەرووداوێکی خوێناویدا پەخشانو باوکی دەکوژرێن

سەرچاوەیەك نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات بە (رێوان)ی راگەیاند "ئەمە یەکەم جار نییە بکوژەکە توندوتیژی بەکاربهێنێت لەگەڵ خێزانەکەی".

رونیشی کردەوە کە عومەر ئەحمەد پاش سێ مانگ لەهاوسەرگیریو لەئەنجامی کێشەو توڕەبوونی لەگەڵ پەخشاندا رۆژێك گوللەیەك لەقاچی دەدات ناچاری دەکات بەدرۆ بەکەسوکاری بڵێت دومەڵی لێهاتووە. ناوبراو بەڵێنی پێدەدات کە هەڵەبووەو ئەم کارە دوبارە ناکاتەوە، هەروەها جارێکی ترو پاش شەش مانگ لەم رووداوە جارێکی تر بەچەقۆ پەلاماری دەداتو برینداری دەکات.

سەرئەنجام پەخشان بۆی دەردەکەوێت کە مەحاڵە هاوسەرەکەی بگۆڕدرێتو بڕیار دەداتو لەڕێگەی تەلەفونەوە راستی هەردوو روداوەکە بۆ خوشکەکەی باس بکات کە ئەو لەلای خۆیەوەو بەمەبەستی چارەسەری کێشەکە براکانی کە لەهاندەران دەژین ئاگادار دەکاتەوەو لەسەر قسەی ئەو محەمەدی برایان دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانو لەو کاتەدا ماڵی عومەر هەوڵدەدەن پەخشان بەرنەوە بۆ ماڵی خۆیانو مەدای کێشەکە گەورەتر نەبێتەوەو نەگاتە دادگا.

محەمەد قایل نابێت ناچار ماڵی عومەر پەنا دەبەن بۆ سولحی عەشایریو لەسەر داوای عومەر، عومەرو لەڕێگەی قایمقامی کەلارو جێگری بەرپرسی مەڵبەندی ١١ گەرمیان دەچنە ماڵی محەمەدو داوای گەڕانەوەی خوشکەکەی لێدەکەن، محەمەدیش دەڵێت "لەماوەی ٤٨ سەعاتدا هەزار دۆلارو ژنێکم دەوێت لەبری ئەوەی دووجار خوشکەکەمانی بریندارکردووەو حەیای بردوین". جەخت لەوە دەکات گەر لەکاتی خۆیدا داواکاریەکانی جێبەجێ نەکەن کێشەکە دەباتە دادگا.

سەرچاوەکە باس لەوە دەکات کە مەبەستی محەمەد لەم داواکارییانە بیانو گرتن بوو بە ماڵی محەمەد بۆ ئەوەی کێشەکە بگاتە دادگاو بەیاسا چارەسەر بکرێت.

دەرئەنجام پەخشان نارِواتەوەو کێشەکە دەبرێتە دادگای کەلارو لەو ماوەیەدا عومەر چەندەها هەوڵدەدات بۆ تۆڵەسەندنەوە لەبراکانی پەخشانو بۆ ئەم مەبەستەش گوللەیەك بەقاچی خۆیەوە دەنێتو سرودی برای پەخشان تۆمەتبار دەکاتو لەلێکۆڵینەوەو راپۆرتی پزیشك ئاشکرا دەبێت کە ئەو خۆی، خۆی بریندار کردووەو بۆیە سرود پاش چوار رۆژ زیندانی ئازاد دەکرێت.

سەرچاوەکە دوپاتی کردەوە "کە تا ئێستاش بکوژەکە هەڵهاتووەو کەسیش زانیاری نییە، نەزانراوە کە لەکوردستان ماوە یان نا".

بۆ زیاتر خستنەڕووی راستیەکان بەباشمانزانی وتەکانی هەریەك لە خزمەکەی پەخشان و پارێزەرەکەی و قایمقامی پێشوو وەک خۆی بخەینە ڕوو:

کاك حەمەلەتیف دەڵێ من لەسەر داوای براکانی پەخشان وەك خزمێك چومەتە ناو کێشەکەوە کاك تارق بە هەمان شێوە لە سەر داوای ماڵی عومەر هاتبوو، بۆیە چەند جارێك دانیشتین لەگەڵ هەردوولا بەڵام سودی نەبوو. لەبەر ئەوەی عومەر ئامادە نەبوو بەهیچ شێوەیەك مافی خێزانەکەی بداتەوە لە دوای جیابوونەوە. پێش ئەوەی کێشەکە بگاتە دادگا بەباشمانزانی لەگەڵ کاك تارق سەردانی ماڵی حاکم حسێن بکەین بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە لەلایەن دادگاوە، بەڵام حاکم حسێن وتی ئەم جۆرە کێشانە لەلایەن دادگاوە ماوەیەکی زۆری دەوێ. ئێوەش دەتانەوێ بە خێرایی کۆتایی پێ بێنن، ئەوا دەتوانن بە دانیشتنی دەرەوەی دادگا کۆتایی پێ بێنن، ئێمە ئەو ماوەیە هەوڵی زۆرماندا بەڵام بێسوود بوو، بۆیە کێشەکە لەلایەن پەخشانەوە گەیەنرایە دادگا، بۆیە لەکاتی روودانی ئەو کارەساتەدا ئێمە بێ ئاگابووین، چونکە کێشەکە لە دادگای کەلار بوو.

کاك تارق قائیمقامی پێشووی کەلار دەڵێ "من برایەکی عومەر پاسەوانم بوو، پێ‌ی وتم کێشەیەکمان هەیە لەگەڵ خزمێکی کاك حەمەلەتیف، بۆیە من بەشداریمکرد، چونکە کاك حەمەلەتیف رەفیقی خۆم بوو، کە چوینە ناو کێشەکەوە بۆم دەرکەوت تاوان لە عومەر بوو. چەند جارێك دانیشتین لەگەڵ هەردوولا کەچی عومەر ئامادە نەبوو لەدوای جیابونەوە مافی ئەو ژنە بدا، دواتر کێشەکە لە رێگای پەخشانەوە گەیشتە دادگا من تا ئەوەندە ئاگادارم".

کاك فەرهاد کە پارێزەری پەخشان بوو، بەم جۆرە باسی لەکێشەکە کرد "پەخشان هاتە لام وتی ئەمەوێ لەمێردەکەم جیاببمەوە منیش پێم وت جیابونەوە ئاسان نیە، ئەبێ تۆ بەڵگەیەکت هەبێ بۆ جیابونەوە، پەخشان وتی من بەڵگەم هەیە سێ مانگ پێش ئێستا بە گوللە برینداری کردوومو هەڕەشەی لێکردم نابێ کەس بزانێ، بۆیە ترسامو لە نەخۆشخانەی سلێمانیش وتم خۆم لە دەستم دەرچووە ترسام بمکوژێت، بۆیە من وەك پارێزەرێك کاری یاسایم بۆ ئەنجامدا کە سکاڵای تۆمارکرد لەدژی عومەر، دادگای کەلار فەرمانی دا بەدەستگیرکردنی عومەر بۆ ماوەی نۆ رۆژ دوای چەند رۆژێك بە کەفالەت عومەر ئازاد کرا، تارۆژی دادگایی کردنیان، عومەر دوای ئازادکردنی بە چەند رۆژێك بریندار بوو، سکالای تۆمار کرد دژی برایەکی پەخشانی خێزانی بە ناوی کۆسار ئەحمەد محەمەد، کۆساریش دەستگیرکرا بۆ ماوەی چوار رۆژ، دواتر لە رێگای راپۆرتی پزیشکیەوە دەرکەوت کە عومەر خۆی خۆی بریندار کردووە، بۆیە دادگا فەرمانی ئازادکردنی کۆساری دا لە هەمان کاتدا فەرمانی دەستگیرکردنی عومەری دا، بەڵام عومەر خۆی حەشاردا تا رۆژی کارەساتەکە".

*** زۆر سوپاسی کاک عاسی فرود دەکەین کە هاوکاری کردین.**